


بەردو کۆنگرەی یەکەم..

# فیدراسیۆن

بەمەبەستی ئامادەکاری بۆ کۆنگرەو دەخالەتی هەلسووراوان لەباسەکانی کونگرەدا ئەم بلاوکراوەیە بلاودەبیتەوە

ژمارە (٣) - ٢٠ی ئاب /ئۆگەست/ ٢٠٠٧


## "جەنگ ونائەمنی وتیرۆرو توندوتیژی بەردەوام لە زیادبووندایە هەربۆیە دیاریدەی کۆچ وشە پۆلی ئاوارەبوونیش لە پەرەسەندندایە.. ئاواربوونی چەند ملیون ئینسان لەکۆمەڵگای عیراقدا نموونەیەکی بەرچاوی ئەم ڕاستیەیە"

### دیمانەیەك لەگەل ڕێبوار عارف دامەزرێنەری فیدراسیۆنی پەنابەرانی عێراقی لەبارەی کۆنگرەوە



بەرەوکۆنگرە : هاورێ ریبوار کۆنگرەی فیدراسیۆن رۆژانی ٢٥-٢٦-٨ لەستۆکۆڵم دەبەسترێ ئێوە وەك سکرتیری پێشوی ئەم رێکخراوەو هاوکات وەك دامەزرینەری فیدراسیونیش کە خاوەنی خەرمانێگی گرنگ لەکارو هەڵسورانی بەرچاوتان بووە چاورەوانیتان لەم کۆنگرەیە چیە ،لەم کۆنگرەیەدا دەتانەوێت لەریگای باس و بڕیارەکانی کۆنگرەوە بەشداریکردنی ئێوە فیدراسیۆن بەرو چ نموونەیەك لەرێکخراوی پەنابەری هەنگاو هەڵگرێ؟

ڕێبوار عارف: ڕێگە بدەن با لە پەراگرافی کۆتای پرسیارەکەتانەوە دەست پێبکەین واتە فیدراسیون بەرەو چ نموونەیەك لە ڕێکخراوی پەنابەری هەنگاو هەڵدەگریت. ١٤ ساڵ لەمەوبەر کە فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی دروست بوو، جیاواز لەوەی کە سوونەتی هەڵسوڕانی سیاسی وکاری ڕێکخراوەی جەماوەری کاری ڕووبە کۆمەڵگا بەتایبەت لە هەندەران هیچ ڕابردویەکی نەبوو لەپال ئەمەشدا ئێمەش وەك کۆمەلێك هەڵسوڕاو کە لەو سەردەمدا فیدراسیونمان دروستکرد ئەم جۆرە لە کارو هەڵسوران بەتەواوی مانا مەیدانێکی نوێی دەست لێنەدراوبوو کە باکگراوەندو شێوەکارو سوونەتی ئەم جۆرە ڕێکخراوە لە ئەرشیفی هیچ حزب و لایەنێکی سیاسی عیراقی دا نەبوو، تەنیا ئەزموون سوونەتێکی نوێ یا تەنیا حزبێکی سیاسی کەپیشتر چەند سالێك کاری لەم مەیدانەدا کردبیت کۆمۆنیزمی کریکاری بوو، کە ئێمە بەرلەوەی فیدراسیون دروست بکەین بۆ ماوەی سێ سال لەگەل فیدراسیونی گشتی پەنابەرانی ئیرانیدا کارمان دەکرد لەپاڵ ئەمەشدا هەر ئەوکات ژمارەیەك لەو هاورێ یانەی کە دەست بەکاربوون لەم بواردا زۆربەیان هەڵسوڕانی بزوتنەوەی کریکاری وسوسیالیستی کوردستان بوون کە بەحکومی دەورانی شوراکانو کەم تازۆر ئاشنایەتیەکمان هەبوو لە کاری جەماوەریەوە بەلام هیشتا لە ڕووی ئەزموون و ئاشنابوون بە کۆمەڵگای نوی وناسینی گرفت وکێشەکان ومیکانیزمی کارو شێوازی کارەوە بەتەواوی مانا سەرەتای بووین. لەلایەکی ترەوە جیهان لە ماوەی ئەم ١٤ سالەدا گۆرانێکی ئەوەندە گەورەو سەرسورهێنەری بەخۆیەوە دیوە تەنانەت ئەگەر ئێمە وەك هەموو هەڵسوڕاوانی فیدراسیون ئەزموونێکی گەلیك دەولەمەندمان هەبوایەو سوونەتی زۆر جیگەوتوشمان هەبوایە دووبارە ئالۆگۆڕەکانی ئەم چەندساڵە ئێمەی ناچار دەکرد بە چاوگیرانەوەیەکی ڕیشەی بەسەر دۆخی سیاسی جیهان وکیشەی پەنابەران وموقعیەتی بزوتنەوەی پەنابەری جیگەوڕێگەی فیدراسیون و هەر مشغەلەو ئەولەویاتەکانیەوە بگرە تا پەیڕەوی ناخۆ وئامانجەکانی ئەم ڕێکخراوە تا شێوە کارو پێناسەی کارنامەی ریکخراوەی دەبوو لەوەها کۆنگرەیەکدا بە قولێ چاومان بگێرایەتەوە بەهەموو ئەو لایەنانەداو نەخشەو پیلان وبەرنامەو پەیرەوی ناوخۆ ئەولەویاتی جیاوازمان هەبووایە. لەمبارەوە گرنگترین پرسیار لەبەردەم ئیمەدا ئەوەیە کە ئایا خوێندنەوەی ئێمە چۆنە بۆ ئەو گۆڕانکاریانەی کە لەم چەند ساڵەدا هاتووتە پێشەوە لیرەشەوە ئایا ئێمە چ پێناسەیەکی نۆمان هەیە بۆ ئەم ڕێکخراوەیە .

بەرەو کۆنگرە: ببوورن لێرەدا ڕێگە بدەن باپرسیارێکی تر تیهەلکێش بکەین، مەبەستان چیە لەوەی کە دەڵێن ئایا خوێندنەوەی ئێمە چۆنە بۆ ئەو گۆڕانکاریانەی کە لەم چەند ساڵەدا هاتووتە پێشەوە پاشان گرێدانەوەی بە پیناسەیەکی سەرلەنۆیی ئەم ڕێکخراوەوە ؟

ڕێبوار عارف: بەڵێ ئێمە بەبی خوێندنەویەکی دەقیقی دۆخی سیاسی جیهان و هەموو دیاریدەو لایەنە پەیوەندارەکان بە

←

## بانگەوازێك بۆ بەشدار بوان لەکۆنگرەی فیدراسیۆن

**سلاوێکی گەرم......**

**هەر وەك پێشتر رامان گەیاند رۆژانی شەمەو یەك شەمە (٢٥-٢٦/٨/٢٠٠٧) فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی بەئامادەبوونی نوینەران وهەڵسووراوانی بواری بزوتنەوەی پەنابەری و بەمیوانداری کردن ئەندام پەرلەمانی ئەوروپا وسوید و کەسایەتی ونوێنەرانی ریکخراوەکانی بواری پەنابەری و مافەکانی مرۆڤ و هەروەها بە دەعوەتکردنی نوینەری ریکخراوی ئەمنستی ئەنتەر ناسیۆنال و نەتەوە یەکگرتووەکان کۆنگرەی خۆی لەشاری ستۆکهۆلم/وولاتی سوید دەبەستێ.**

**فیدراسیۆن دەرگای کۆنگرەی لەبەردەم هەمووان ئاوەلاکردووە بۆ بەشداری لەم کۆنگرەیەدا بەپێویستمان زانی هەندێك زانیاری و رینۆینی پێویست لەسەر چۆنێتی گەیشتن بە شۆینی بەگوزاری کۆنگرە بخەیەنە بەردەم بەشدار بوان تا بتوانن بە ئاسانی بەشۆینکە بگەن.**

**ئێوارەی رۆژی هەینی ٢٤-٨ بەشدار بوان دەتوانن بگەنە شۆینی دیاری کراو ،تکایە بۆ ناونوسی پێشتر بە و ژمارە تەلەفونانەی خوارەوە پەیوەندی بگرن ،ئەدرەسەکەی بەم شێوەیەکە هاتووە: لەسەنتەری ستۆکهۆلمەوە بە ئەندەرگراون دەچیت بۆ ستەیشنی** Tekniska Hogskolan **کە هەر ٥ دەقە دەبێت لەوێشەوە بەپاسی ژمارە٦٤٠ دەگریت و سەر دەکەویت بۆ** Norrtalje **پاشان لەوێشەوە پاسی ژمارە (٦٣٦) دەگریت بۆ شۆینی کۆنفرانسەکە کە ناوی** (Barnens o) **زانیاری بۆ ئەو بەرێزانەی بەسەیارە دێن :**

**جادەی ژمارە ١٨ دەگرێت بۆ** Norrtalje **لەوێشەوە تابلۆی** (Grisslehamn/Almsta **ەگرێت یان جادەی ژمارە ٧٦ پاش ماوەیەك تابلۆی(**o **Barnens) دەداتێ کە** شۆینی کۆنگرەیە برۆ تا دەگەیتە شۆینی کۆنگرەکە. **بۆ زانیاری زیاتری ئەدرەسەکە دەتوانن سەردانی ئەم سایتەی خوارەوە بکەن :** [www.stbd.se](http://www.stbd.se) ... **بۆ هەر پێداویستی و هاوکاریەکت تکایە پەیوەندی بکەن:**

**بە (بابان عوسمان) لەستۆکهۆلم بە ژمارەی(٠٧٠٤٥٣٢٢٧٠)وە زوزان حسین/**
**٠٧٣٦٧٤٦٧٠١ خالید حمە/٠٧٣٦٣٠٦٨٧١سامالْ دەروێش/**
**٠٧٣٩٦٣٦٦٠٠برایم کۆیی/٠٧٠٤١٧١٣٤٢نزار عبدللە/٠٧٠٤٤٦٩٣٢٧**
**شالاو ناسیح و ئاسۆ گۆران/٠٠٤٤٧٨٩٥٦٣٦٦٣٣/٠٧٣٩٧٩٣١٠١**

**سکرتاریتی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی**





لەم ژمارەیەدا: هەڵسوراوان و كەسایەتییەكان لەبارەی كۆنگرەی فیدراسیۆنەوە ڕاو بۆچوونی خۆیان دەدەن و پێشنیارەكانیان دەخەنەڕوو:

خوینەری ئازیز:
ئیمە لەژمارەیەكی بەرەو كۆنگرەدا بەلگەنامە سەرەكیەكانی كۆنگرەمان خستە بەردەم هەمووان بۆراو سەرنجدان لەسەری و بەتایبەتیش بۆ لیدوان و موناقەشەكردن لەسەر یان.بیگومان كاریكی ئاوا فرسەتیكی گونجاو دەداتە دەست هەلسوراوان و بەشدارانی كۆنگرەو هەموو ئەندامان تابیرواو سەرنجی خۆیان لەسەر كۆنگرە و ئەركەكان و ئایندەی خەباتی پەنابەران بخەنەروو. هیواداریـن هەمووان بەگویرەی توانا لەم قسەوباسانەدا بەشدارمان بن و هەر بیرواو سەرنجیكیان هەیە لەراستای باشكردنی كاروباری فیدراسیۆن و كۆنگرەدا بۆمان بەری بكەن.. لەمژمارەیەشدا هەولدەدەین باری سەرنجی ژمارەیەك لە هەلسووراوان و بەرپرسیارانی بەشەكانی فیدراسیۆن بخەینەبەردەم ئیوە... "فیدراسیۆن"

# ”بە باوەڕی من لە ڕێگایی ئەم كۆنگرەیەوە ئەتوانین باشتر تواناكانی خۆمان و سەرجەم پەنابەران یەكبخەین بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی هەر بڕیارێک كە دژی مافەكانی پەنابەرییە“

## بابان عوسمان هەڵسورای فیدراسیۆن لە ستۆكهۆڵم/ سوید



پ١ كۆنگرەی فیدراسیۆن ڕۆژانی ٢٥-٢٦-٨ لەستۆكۆڵم دەبەسترێ چاوەڕوانیتان لەم كۆنگرەیە چی یە ،لەم كۆنگرەیەدا دەتانەوێت لەریگای باس و بڕیارەكانی كۆنگرەوە بەشداریكردنی ئێوە فیدراسیۆن بەرو چ نموونەیەک لەرێكخراوی پەنابەری هەنگاو هەڵگرێ؟
پ٢ بەبراوی ئێوە ئەرک وئەولەیات و هەلسورانی فیدراسیۆن ئەم دەورەیە دەبێ چی پیێت لەپێناو بەرگری و داكۆكی لەمافەكانی پەنابەران؟
پ٣ چ پێشنیاریكتان هەیە بۆ كۆنگرەی فیدراسیۆن؟
پ٤ بەبرواى ئیو شێوازی كارو ئەولەیەتی كاری فیدراسیۆن دەبێت چی بێت ؟
پ٥ پیشبینی یا پیشنیاری چ جۆرە گۆرانكاریەک دەكەن لە سیاسەت و بەرنامەو ئامانجەكانی فیدراسیۆندا ؟

وەلامی پرسیاری یەكەم:

بە باوەڕی من هەر وەک چۆن لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی ڕبردوودا فیدراسیۆنی پەنابەران تاكە ڕێكخراو پەنابەری بووە بۆ داكۆكی كردن لەمافەكانی پەنابەران لە سەرتاسەری وولاتانی ئەوروپا دا . ئێستاش هەمان كۆشش و بەرەنگاربوونەوە درێژەی هەیە. هەر بۆیەش بە باوەڕی من لە ڕێگایی ئەم كۆنگرەیەوە ئەتوانین باشتر تواناكانی خۆمان و سەرجەم پەنابەران یەكبخەین بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی هەر بڕیارێک كە دژی مافەكانی پەنابەرییە. بەدڵنیاییوە گرتنی ئەم كۆنگرەیە هەنگاوێكی مەزنە بۆ خودی فیدراسیۆن و سەرجەم پەنابەران.

وەلامی پرسیاری دووەم:

ئێمە باوەرێكی پتەومان بەم تێكۆشانە هەیە و بە تەواوی تواناكانی خۆمانەوە لەم پێناوەدا كۆشش ئەكەین تا بەدەست هێنانی هەموو مافەئینسانیە زەووت كراوەكانی پەنابەران وەرئەگرینەوە. هەر لەم كەناڵەوە ئەمەوێت دڵنیایی ببەخشم بە پەنابەرانیک كە ئەگەر هاوكات لەگەڵ ئەم هەوڵ و تەقەلایانەی ئێمەدا بێنە مەیدان تا بە هێزێک و پاڵەپەستۆیەكی گەورەوە ڕووبەڕووی نا ئارامیە دەروونییەكانیان ببینەوە. سەركەوتن بە دەست بهێنین.

وەلامی پرسیاری سێهەم:

تەنها شتێک كە من وەک پێشنیار هەمبێت بۆ گۆنگرەی فیدراسیۆن. گۆنگرە با تیشكێک بێت بۆ خۆرێكخستنەوەی باشتر لە تەواوی وولاتانی ئەوروپا و ڕاكێشانی سەرجەم لایەنە پەیوەندارەكان بێت بۆ گەورەتر كردنەوەی ئە هێزە پڕ لە نارەزایەتیە.

وەلامی پرسیاری چوارەم:

گومانی تێدانیە كە ئەم كۆنگرەییە گوڕ وتینێكی بەهێزتر ئەبەخشێت بە سەرجم هەڵسوڕاوانی فیدراسیۆن و لەگەڵ بەئامانج گەیشتنی كۆنگرەدا باوەڕ و دڵگەرمی زیاتر ئەگەرێتەوە بۆ پەنابەران. بۆ وەستانەوە دژی ئەم سیاسەتە نە مرۆڤانەیش پێویستە پەنابەران شان بەشانی فیدراسیۆن لە كار و تیكۆشان دا بن..تاكە شتێک كە لەم بوارەدا لوتكەی ئاواتەكانم داگیر ئەكات سەركەوتنی كۆنگرە و بەدەستهێنانی مافی پەنابەرییە بۆ سەرجەم پەناخوازان بە بێ جیاوازی..

# پەنابەران بە ڕیزی یەكگرتووی خۆیان لە فیدراسیۆندا ئەتوانن بە هەموو ئاوات و ئامانجەكانیان بگەن.

## عامر سابیر هەلسورای‌وی فیدراسیۆن/ئوستراليا



وەلامی پرسیاری یەكەم

چاوەڕوانیم لە كۆنگرەی فیدراسیۆن ئەوەیە كە ئەو گیروگرفت و بەربەستانە دەستنیشان بكات و ڕێگەی وەلانانیان دیاری بكات، كە بۆچی فیدراسیۆن لە نێو سەدان هەزار پەنابەری عێراقی و كوردی عێراقیدا خاوەنی دەیان هەزار ئەندام نییە؟ بە لەبەرچاوگرتنی ئەو هەموو كارە بەسود و پڕ بایەخەی كە فیدراسیون لە ساڵی ١٩٩٢ ەوە لە هەموو وڵاتە جیا جیاكاندا لە دیفاع بە پەنابەران و بۆ بەدەست هێنانی مافەكانیان ئەنجامیداوە، ئەبوایە ئێستا زۆر لەمەی كە هەیە گەورەتر بووایە.

بەداخەوە من لە ئوسترالیام و زۆر نیگەرانم لەوەی كە ناتوانم بەشداری كۆنگرەی فیدراسیۆن بكەم.

هیوادارم فیدراسیۆن لە دوای كۆنگرە نموونەی رێكخراوێكی پەنابەریی چالاكی زۆر ئەندام بێت، كە بتوانێت لانی زۆری ئەو ئەركە دەستبەجێیانەی بۆ ساڵی ئایندە بڕیاری لە سەر ئەدرێ لە كۆنگرەدا، بە دەست بهێنێ.

وەلامی پرسیاری دووەم:

ئەولەویەتی ئەم دەورەیە، ئەوەیە كە فیدراسیۆن بتوانێ پەنابەران لەم پەرتەوازییەی ئێستا ڕزگار بكات و هەڵیانخڕێنێ و لە ڕیزەكانی خۆیدا یەكگرتوویان بكات، ئەبێت ئەوە لە ناو پەنابەراندا جێكەوتە بكرێت، كە كاری كۆ و دەستەجەمعی جێگەی كاری فەردی و ڕێگە چارەی شەخسی بگرێتەوە، پەنابەران بە ڕیزی یەكگرتووی خۆیان لە فیدراسیۆندا ئەتوانن بە هەموو ئاوات و ئامانجەكانیان بگەن.


وەلامی پرسیاری سێهەم:

ئەم سێ پرسیارەی سەرەوە لەم خاڵانەی خوارەوەدا وەڵام ئەدەمەوە.

١) پێم باشە فیدراسیۆن بەڵگەنامەی (پەنابەر و مافەكانی) كە لە لایەن UNەوە لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە ڕاگەیەدراوە و زۆربەی وڵاتانی دنیا ئیمزایان كردووە، بكات بە بنچینەی خواستەكانی بۆ پەنابەران، وە هەر ئیزافەیەكی هەیە بۆی بیكاتە پاشكۆی، زۆر لە وڵاتانی دنیا و ئەوروپا ئێستا ئامادەنین كە ئەو بەڵگەنامەیەی خۆیان ئیمزایان كردووە پەیڕەو بكەن، ئەبێت ئەمە بەسەریاندا بسەپێندرێ، بۆ فیدڕاسیۆن كاركردن لەسەر ئەمە ئاسان تر و عەمەلی ترە.

٢) لە پەیڕەوی ناوخۆیی فیدراسیۆن كە لە ژمارە یەكدا بڵاوكراوەتەوە، ئەڵێت سكرتێری فیدراسیۆن، لە نێوان ئەندامانی فیدراسیۆندا، لە ژمارەیەک ئەندام سكرتاریەت دادەمەزرێنێ و بۆ ڕاگیری لە سەری و تەئید كردنی دەیخاتە بەر دەم كۆنگرە. بە بڕوای من دروست تر و دیموكراتی تر ئەوەیە كە كۆنگرە ئەندامانی سكرتارییەت(لیژنەی

←



# ”فیدرایۆن گرنگە پەیوەندی پتەو وفراوان لەگەل ریکخراوە ئیسان دۆست و پیشکەوتنخوازاکان دابمەزرینیّ“



## خالس ئەسەعەد حمەد هەڵسوراوی فیدراسیۆن لەشاری کالسرۆ/ئەڵمانیا

ئۆمید دەکەم ئەم کۆنگرەیە بتوانیّ کارێك بکات کە هەڵسوراوانی بزووتنەوەی پەنابەری هەریەکە کارێك بەستۆ بگرن بۆ جیّ بەجیّکردنی ئامانجەکانی فیدراسیۆن وئەو هەموو کارە جوانەی بۆ پەنابەران دەیکات ،بەراستی فیدراسیۆن لانەی ئێمەی پەنابەرانە .

چاوەڕوانیم ئەوەیە کە فیدراسیۆن بتوانیّ کارێکی گەورە بەرپا بکات تا هەموو پەنابەران لەمافی پەنابەری و نیشتەجیّ بوون بەهرمەند بن.

ئیستاکە بەدەیان پەنابەر لەم وولاتەئەورپییانە کیشەیان هەیە رەفز وەردەگرن لەکەمپی پەنابەری رامان دەگرن وەك ئینسان مامەلەمان لەگەلّ ناکەن ئەگەر بمانەویّت بۆ شارێکی تر سەفەر بکەین یان هاتووچووبکەین دەبیّ بچینە پۆلیس وەیەکی ١٠یۆرشمان لیّ دەسەێنن، وەرقەیەکت پیّ دەدەن دۆلّدن وەك نەخۆشیکمان لیّهاتووە کە سیّ مانگ جارێك خوێنت تیّ بکەن ئەبیّ چاوەروانی شتی نادیار بیت بەسەرت بیّت ،پیّمان دەلین کوردستان ئامنە بگەرینەوە لەکاتیّکدا کوردستان کراوەتە جەهنەمەیّك هیچ ژیانێکی تیا نی یە نەبۆگەنج نە بۆ ژنان نەئاو نە کارەبا ئەمە جگە لەوەی داوی مافی خۆت بکەیت لەزیندان توند دەکەن باشە ئەگەر ئامنە ئەم هەموو خەلّکە بۆ دیتە دەرە بۆ بەرپرسیاری حزبەکانی کوردستان خۆیان زۆربەیان منداليان لەدەرەوە دەخوێنیت ،لیرەش واز لە ئێمە ناهیینن پەیوەندی بەم وولاتانەوە دەکەن بمان نیرنەوە بەراستی یەکیتی و پارتی تاوان باران بەهەقی ئێمە.

من ئیّستا لەگەلّ رێکخراوی لاوانی بیّ سنور کە رێکخراوەیەکی ئەلەمانی یە کاردەکەم کە زۆر گەنجی لەخۆگرتووە هەندیّ جار خۆپیشاندان دەکەین بەهەزاران کەس لە خەلّکی ئەلەمانی و ئینسان دۆست بەشداری دەکات ،من لەم چالاکیانەدا توانیومە پشتیوانی بۆ پەنابەرانی کوردو عیراقی بهینم لەشارەکانی نۆرینبیرگ وبەرلین ورۆستۆك و کالسرۆ لەخۆپیشاندانەکان کە دەیان کەس تیا بەشدار بووە قسەبکە لەسەر بارودۆخی نائەمنی و داگیرکاری عیراق ونائەمنی کوردستان زۆر کەس پیشوازی لیکردوین .

فیدراسیۆن گرنگە لەگەل ئەم رێکخراوە ئینسان دۆست وپیّشکەوتوخوازانە پەیوەندی بگریّ وهاوکاریان بکات .

بەداخەوە من ناتوانم بەشداری کۆنگرەبکەم چونکە پاسپۆرتم نییە بەلام دلّنیاتان دەکەمەوە من لەگەل ئەم فیدراسیۆنە کار دەکەم و بەرێکخراوی خۆمی دەزانم داواکارم هەموو پەنابەران ئەوانەی جوابیشیان هەیە بین بۆ کۆنگرەکەمانە سەرکەتووبیت کۆنگرەی فیدراسیۆن.



# ”فیدراسیۆن تەنها ڕێکخراوێکە کە تا ئێستا لە بەرامبەر هەرهێرشێک کە کرابێتە سەر پەنابەری عێراقی دەمودەست بە وڵام هاتوە“

## ئەحمەد عەلی هەڵسورای فیدراسیۆن لەسویسرا

پرسیاری یەکەم

ئەگەر کۆنگرە بە مانا واقعیەکەی بگیریّ، پێویستە چاوەڕوانی گەورەمان لێی هەبیّ،بەو مانایەی ئێستا دوای مێژوویەکی دورودرێژ لە خەبات و کێشمەکێش لەگەڵ سیاسەتی دژی پەنابەری ئەم وڵاتانە،دوای تەقەلای کەموێنەی ئەم ڕێکخراوەو دەسکەوتی گەورەو فراوان ،دەبێ ئەم کۆنگرەیە لەم ئاستەدا خۆی دەرخات و فیدراسیۆن لەم قەیران وسستی و بنبەستیە ڕزگار کات،بۆ وڵامی بەشی دووەمی پرسیارەکەتان...هەر نمونەی فیدراسیۆن خۆی ،ئەگەر وڵام بە هەندێ مەسەلەو کەموکوڕی بدرێتەوە،فیدراسیۆن تەنها ڕێکخراوێکە کە تا ئێستا لە بەرامبەر هەرهێرشێک کە کرابێتە سەر پەنابەری عێراقی دەمودەست بە وڵام هاتوەو تەنها خاوەنی بە تەنگەوە هاتووی پەنابەران بووە،خۆی نمونەیە کەبۆ دونیای دەرەوەی خۆی .

پرسیاری دووەم:

یەکێک لە تەجروبە تاڵ و سەختەکانی ئێمەکە هەمیشە هەم ماندووی کردوین وهەم کەم بەرهەمیشبوە کاری فەردی بوە،بیرکردنەوەی فەردی بوە،دەرکەوتنی فەردی بوە، پێویستە هەوڵبدرێ ئەم شێوازە لە کار ئاڵوگۆڕی بە سەر بێتولەجێی ئەمە کاری دەستە جەمعی شوێنی بگرێتەوە،کێشەیەکی تر پەرشو بڵاوی هێزوتواناکانی ئێمەیە،دەبێ ئەم ڕیکخراوە ڕەهبەری و نوێنەران ودەستەی باڵاکەی دیار بێ، پێویستە ئەو هێزە فراوانەی کە لە دوورێتی و سەرچاوەی هێزو قودرەتی فیدراسیۆنە کۆبکرێتەوەو ڕێکبخرێ، پەیوەندیەکی گەرمو نزیکمان بە ڕیکخراوو لایەنە ئەوروپیەکانەوە هەبێ،مەبەستم تەئمین کردنی هاوپشتیەکی جیهانیە ،نوێنەری شارووولاتەکانی دیار بێت و بنکەی هەبێتو کارەکانی لەویدا بەڕێبخرێ،زۆر پێویستە بڵاو کراوەی هەفتانەی هەبێت و ئیدامە کار بێ، مەسەلەیەکی تر کە زۆر گرنگە ،دەبێ فیدراسیۆن پەیوەندی بە کوردستان و کەسوکاری پەنابەرانەوە هەبێ ولە کوردستانیش نارەزایەتی بەرێبخا کە زەمینەی کارکردن زۆر لەبارە، پێویستە پۆست و خاوەن پۆستەکانی دیاربێت ،وە مەسەلەکی حەیاتی ئەوەیە لەو وولاتانەی کە هەڵئەسورێ لە لایەن دەوڵەتەوە بە ڕەسمی بناسرێ وبودجەی بۆ دابین بکرێ،زۆر بە ناو ڕێکخراوی بێکار و کاریگەر هەیە کە ڕەسمین و ئیمکانات لە دەوڵەت وەردەگرن،ئەوەی تا ئێستا ئێمە کردومانە لە سەر حسابی سفرەی خۆمان بوە.

پرسیاری سیهەم

ئەحمەد عەلی/گرنگترین پێشنیار بۆ من ئاڵوگۆڕ پێکردنی فیدراسیۆنە لە کەمپینەوە بۆ ڕێکخراوێکی واقعی پەنابەری کە هەیکەل و بەدەنەی دیار بێ،ئەندامی دیار بێ و کۆبونەوەی هەبێ،تکایە دەرکردنی بڵاوکراوەیەک گرنگە،مەیدانی پەنابەری مەیدانێکی یەکجار فراوانە و پێویستی بە کارو توانایی گەورە هەیە،هەوڵبدرێ کاری و ئامانجی فیدراسیۆن تەنها ئەوە نەبێ حەقی مانەوە بۆ پەنابەر بە دەسبێنێ،فیدراسیۆن دەتوانێ کاریگەری فکری و فەرهەنگی زۆری بە سەر پەنابەرەوە هەبێت ،دەبێ کۆنگرە پێ لە سەر پەیوەندیەکی جدی و نزیک لە گەڵ عێراق بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی دابگرێ،وە هەڵسوڕانی فیدراسیۆن بە بزوتنەوەیەکی ئینسانی کە لە ئەوروپادا هەیە ببەستێتەوە،

فیدراسیۆنی
پەنابەرانی عیراقی،
سەنگەری خەباتی
بزوتنەوەی
پەنابەرییە لە پیناو
بەدیهینانی
خۆاستەکانی
پەنابەراندا..


بەرێوەبردن) هەڵبژێرێ و پاشان سکرتارییەت لە نێو خۆیدا سکرتێر هەڵبژێرێ، وە یان دەکرێت سکرتێر و سکرتارییەت ڕاستەوخۆ لە کۆنگرەوە هەڵبژێردرێن.

٣) بڕیارنامەی ژمارە (٣) سەبارەت بە مەسەلەی ئاوارەیی، کە لە ژمارە ٢ی بەرەو کۆنگرەدا بڵاوکراوەتەوە، پێویستە ئەم بەشەی (دەبێ نەتەوە یەکگرتووەکان لە داهاتی نەوت مەسرەفی لانی کەمی ژیانیان لە ئەستۆ بگرێ) لا بدرێت. چونکە ئەگەر نەوتیش نەبێت، ئەوە ئەرکی دەوڵەتانی داگیرکەری عێراق و UNە کە بەرپرسیارێتی و دابینکردنی ژیانی ئاوارەکان بگرنە ئەستۆ، ئەم کارە نابێت ببەسترێت بە نەوتی عێراقەوە.

٤) کارتی ئەندامێتی پێویستە ساڵانە تازە بکرێتەوە و مێژووی بەسەرچونی لەسەر بێت، بە بڕوای من ئابونەی ئەندامێتی (١٠) دە یورۆ بێت بۆ ساڵێک، بە تایبەت بۆ ئەو پەنابەرانەی کە کار ناکەن و قبوڵ نەبونە و لە کەمپەکاندان، وە هەر کەسێک ئەتوانێ زیاتر کۆمەک بکات، دەستی خۆشبێت و هانبدرێت، بەڵام نابێت لە ١٠ یورۆ زیاتر بکرێتە بەربەست لە بەرانبەر پەیوەستبوونی بە لێشاوی پەنابەران بە فیدراسیۆنەوە.

٥) فیدراسیۆن ڕێکخراوێکی پەنابەرییە (جەماوەرییە)، حەتمەن کارێک کە ئەیکات سیاسییە، بەڵام (هاتنەدی جیهانێکی بێ سنور) نە ئەرکی وە نە لە توانای فیدراسیۆندایە، تا ئەمە بکات بە شیعار.

بۆ کۆتایی هێنان بە دیاردەی ئاوارەیی، لە دوو ژمارەی ڕابردوودا، چەند شتی زۆر جیا لە یەک ئەبیندرێ، پێویستە دیاری بکرێ و ڕۆشنبین لە سەری. ٥/٨/٢٠٠٧



## ”بە براوی من ئەم کۆنگرەیە زۆر گرنگە تاکید بکات لەسەر بەرێخستنی کەمپێنێکی سەرتاسەری لە ئاستی وولاتانی ئەوروپا بۆ رزگارکردنی پەنابەران لەهەرەشەی ناردنەوە“

بەکر حمەد بەرپرسی فیدراسیۆن لەشاری کالسرۆ/ ئەڵمانیا



چاوەروانیم ئەوەیە ئەم کۆنگرەیە ببێتە پشتیوانی بۆ پەنابەران لەسەرتاسەری ئەوروپا تا هەموو پەنابەران بتوانن لە مافی پەنابەری بەهرەمەند بن .

ئێستا لەلایەن وولاتە ئەوروپیەکانەوە نەخشەی گیرانەوەی پەنابەرانی عیراقی و بەتایبەتی پەنابەرانی کورد هەیە ئەم وولاتانە لەکاتیکدا ئەم جەنگە بۆ سەر پەنابەران بەرێ دەخەن کە کێشەی عیراق رۆژ نیە لە شاشەکانی تەلەفزیونەوە دڵی هەموومان رانەچلەکینێ بەلام ئەم وولاتانە کە پێشتر محکەم لەپشتی سیاسەتەکانی ئەمریکاوە راوەستان ئێستاش نایەنەوێت خۆیان بخەنە خاوەنی ئاکەمە زیانبارەکانی ئەم جەنگە و تاوانەکانیان کە بەسەر خەڵکی عیراقیدا دایانبارندوە.

حکومەتی ئەلەمانیا بەدوای رووخانی رژیمی بەعس ئیدعای ئەوە دەکات ئێستا عیراق مشکلەی نی یەو کوردستان ئامنە پێویستە پەنابەرانی عیراقی بگەرینەوە، بەشێکی زۆر پەنابەران ڤیدەرۆفن ( wiederrufen) بۆ هاتۆتەوە بەمانای چاوپیاخشانەوە بە کەیسەکانی و لیسندەنەوەی مافی پەنابەری لە پەنابەران ئەم بریارە ئەو پەنابەرە عیراقیانە دەگریتەوە کە پێش رووخانی رژیمی بەعس مافی پەنابەریان وەرگرتووە،تەنانەت هەندێك لەوپەنابەرانە مافی پەنابەریان لێ وەرگیراوەتەوە،بەشێکی زۆر لەو پەنابەرانە ی کە وەلامیان وەرنەگرتووە لە چاوەروانیو دلەراوەکێ دان.

بە براوی من ئەم کۆنگرەیە زۆر گرنگە تاکید بکات لەسەر بەرێخستنی کەمپێنێکی سەرتاسەری لە ئاستی وولاتانی ئەوروپا بۆ رزگارکردنی پەنابەران لەهەرەشەی ناردنەوە کە زۆربەی وولاتە ئەوروپیەکان وحکومەتی ئەلەمانیا دەیانەوێت بەرێوەی بەرن ،دیارە ئەم هەنگاوەی وولاتە ئەوروپیەکان حکومەتی عیراقی و حکومەتی هەرێمی کوردستان هاوکاریان ئەکەن.

زۆر گرنگە ئۆفیسەکانی فیدراسیۆن لە وولاتەکان بکرێتەوە تا بتوانێ بەهانای کیشەی پەنابەرانەوە بچێت.

کیشەی ژنان لەم کۆمەلگایانەی ئەوروپادا کیشەی مندالان ،کیشەی زمان و دەیان گیروگرفتی کە پەنابەران هەیانە ،بەرێوەبردنی چالاکی رۆشنبیری و فەرهەنگی بۆ پەنابەران . کۆنگرە پێویستە بریارنامەی خۆی هەبێ بۆ وەلام دانەوە بەو ئیدعا پوچانەی لەسەر ئامن بوونی کوردستان دەکرێت لەلایەن وولاتە ئەوروپیەکانەوە لەکاتێکدا راپۆرتەکانی مافی مرۆڤ و هەموایان باس لە پێشیلکاری مافی مرۆڤ دەکەن لەکوردستاندا.

پێشنیارم بۆ کۆنگرە ئەوەیە سەرکەوتووبێت هیوادارم سالانە فەرعەکانی فیدراسیۆن لە وولآتەکان بتوانن کۆنفرانسی سالآنەی خۆیان ببەستن،لەسەر کیشەو گیروگرفتەکانی پەنابەران و بەهێز کردنی فیدراسیۆن وهەنگاوەکانی داهاتوو.

کۆبوونەوەی بەردەوام هەبێ لەگەڵ پەنابەران ،زۆر گرنگە هێنانی پشتیوانی رێکخراوە ئینسانی و پەنابەریەکان لەپێناو دیفاع لەپەنابەران هەروەها بەپێچەوانەشەوە پشتیوانی لەرێکخراوە پەنابەری و ئینسانی یەکان لەو وولاتانەی ئێمە هەین.

من زۆر ئۆمیدم هەیە بەم کۆبگرەیە گۆرانکاری ریشەی بەسەرخۆی بهێنێ بەتایبەتی فیدراسیۆن ناتوانی وەك چەند سالێی پێشو کاربکات چونکە عیراق گوراوە بۆتە جێگایەك بۆ شەری هێزە جیهانی یەکان ،تا بێت خەڵکی عیراق زیاتر ئاوەرە دەبێ بەهۆی داگیرکاری و شەرو کوشتار تایفی و دینی . پێم خۆشە لەم فرسەتە ئیستیفادە بکەم لە بەرێخستنی کەمپێنی قسەبکەم کەمن و هاوکارم عیرفان کەریم لە ئەلەمانیا بەرێمان خستوە دژ بەسیاسەتی دژی پەنابەری حکومەتی ئەلەمانیا بەرامبەر بە پەنابەرانی عیراقی لەو بارەیەوە بانگەوازێکمان نوسیوە بۆ تەواوی رێکخراوە پەنابەری و ئینسانی و لایەنەکان داوامانکردوە پشتیوانیمان بکەن بۆ ئەم خواستانەی خوارەوە :

مافی پەنابەری بۆ سەرجەم ئەو پەنابەرانەی کە بەبیانوی فیرەروفن مافی پەنابەریان لێسەندراوەتەوە.

ئاسایی کردنەوەی رەوالّی کارکردن لەمەسەلەی تازەکردنەوەی مافی نیشتەجێ بوون و پاسپۆرت یەکگرتنەوەی خێزان و وەرگرتنەوەی مافی رەگەزنامەی ئەلەمانیا بۆ سەرجەم پەنابەرانی عیراقی دانی مافی پەنابەری بۆ سەرجەم ئەو پەنابەرە عیراقیانەی کە سالانێکی زۆرە لە ئەلەمانیا دەژین بێ بەشکراون لەمافی پەنابەری( Duldung) پاپەند بوونی حکومەتی ئەلەمانیا بەیاساو رێکەوتنە نیو دەوڵەتیەکان لەپەیوەند بەمافەکانی پەنابەران لەوانە رێکەوتنامەی جنیفی ١٩٥١. لەو بارەیەوە ئێمە پەیوەندیمان کردوە بە چەند نیهادو رێکخراوی پەنابەری و ئینسانی بۆ بەرێخستنی کەمپێنێکی دژ بەم سیاسەتە دژی ئینسانی حکومەتی ئەلەمانیاو وە خۆپێشاندانێکی گەورە لەچەند شار بۆ پوچەڵکردنەوەی ئەم سیاسەتە.

## ”گرنگە ئەم کۆنگرەیەی فیدراسیۆن بتوانێ بۆ دنیای ئاشکرا بکات عیراق و کوردستان ئامن نیە“

محمود قادر نۆینەری فیدراسیۆن لەکەمپی راشتات لە ئەلەمانیا



چاوەروانیم لەم کۆنگرەی فیدراسیۆن ئەوەیە رێگا چارەیەك بخاتە بەردەم کۆمەڵەی نیو دەولەتی و رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ ی جیهانی تا بتوانێ فشار بخاتە سەر وولاتەکانی ئەوروپاو و ئەلەمانیا بۆ دەست بەجێ راگرتنی زەخت و فشار و راگرتنی بەزۆر ناردنەوەی پەنابەرانی کوردی عیراقی بۆ کوردستان ،هەروەها بتوانیین کەمپێنیکی لەچەند وولاتە بەرێ بخەین بەخۆپیشاندان نارەزایەتی دەربرین نیشانی بدەین ئێمە هەقمانە مافی پەنابەری وەربگرین ،خەڵکی وولاتێکین نە دەولەتە نە ئامنە ،ئێمە بۆ نابێ مافی پەنابەری وەربگرین چ یاسایەکی نیو دەولەتی ئێمە ناگریتەوە ئەوان دەلێن کوردستان ئامنە ئەم چ ئیدعایەکی درۆزنانەیە ئەگەر ئامنە بەم رۆژگارە ئەم هەموو گەنجو خەڵکە بۆ هەڵدێن .

ئەم کۆنگرەیە مهمە وە پێویستە بیسەلمینێ کە عیراق لەژیر سایەی داگیرکاری ویرانە دیمکراتی نی یە مافی مرۆڤ پێشیل دەکرێ ،عیراق بەرو چارەنووسێکی نادیار ئەروات ،من دەپرسم دوا رۆژ چی یە بۆ خەڵکی عیراق لەژیر سایەی ئەم هەموو ئینسان کوژە.

مهمە فیدراسیۆن بتوانێ بۆ دنیای ئاشکرا بکات عیراق و کوردستان ئامن نیە بۆ هیچ ئینسانێك کە تیا بمێنیتەوە لەبەر ئەوەی عیراق بۆتە شۆینی تیرۆریستان بۆتە جێگای گەورە بوون و بالاّ دەستبوونی ئیسلامی سیاسی دواکەتووی زیاتر پەرەی گرتووە.

کوردستانیش دەرگا کراوەتەوە بەرووی دووحزبی میلیشایای کە سەرتاپا دژی مافی ئینسان وپچوکترین مافی سەرەتای خەڵکی کوردستان بە تەقە وەلام دەدەنەوە ،تەماشا بکەن لەژیر سایەی ئەمانەدا هەزاران ژن دەکوژرێت ،چەند سجنی گەورە کراوەتەوە بۆ سەرکوتی خەڵك کەس ناتوانێ دژ ئەوانە رەخنە بگرێ.

کۆگرەی فیدراسیۆن مهمە فشار بخاتە سەر وولاتە ئەوروپیەکان ئەم سیاسەتە دژی ئینسانیەیان لە بەرامبەر پەنابەرانی کورد بوەستێنن ،ئۆفیسەکانی و نۆینەرانی لەهەموو کەمپ و شارێك دیاری بکات بۆ یارمەتی پەنابەران ،من بەداخەوە لەبەر ئەوەی ئیقامەم نیە ناتوانم بەشداری بکەم بەلام ئۆمید دەکەم کۆنگرە سەرکەوتووبیت من ئامادەم بەردەوام کاربکەم بۆ رێکخراوی فیدراسیۆن ئەم رێکخراوەیە عەزیزە بۆ ئێمەی پەنابەران هیوادارم هەموو کەس بتوانێ بەشداری ئەم کۆنگرەیە بکات.

**رێکخرابوون ویەکگرتنمان مەرجی سەرکەوتنمانە**

# ”بەواقعی ئەم کۆنگرەیە ئەبێتە کۆنگرەی دامەزراندنی فیدراسیۆن“

## جەمال کوشش هەڵسوراوی فیدراسیۆن/ سویسرا

پرسیاری یەکەم.

ئەم کۆنگرەیە، یەکەمین کۆنگرەیە لەمێژووی نزیك بە دوو دەیە لەهەڵسوڕان ودروستبوونی ڕێکخراوەك ەمانەوە. زۆرجار لە وولاتانی جۆراوجۆر کۆبوونەوەی گشتی هەڵسوڕاوان بووە لە پلنێۆمی ڕێکخراوە سیاسیەکان چووە وە هەندێ جارکۆبوونەوەی گشتی هەڵسوڕاوان و ئەندامان بووە وهەوڵدان بووە بۆ گرتنی کۆنفرەنسی فیدراسیۆن لە وولاتەکان وە یەکدوو جاریش سکرتاریەتی فیدراسیۆنی سەرتاسەری کۆبوونەوەی دوو ڕۆژەی بووە وبەئامادەبوونی کادرە میحوەرییەکانی فیدراسیۆن ولەسەر گەلێك کێشەی پایەیی و بابەتی گرنگی سیاسی وکۆمەلایەتی بڕیارو ڕاگەیاندن دراوە.لەسەر بەرنامەی کار، پێڕەوی نێوخۆ، مالیە، ئۆرگانەکان وئەرك ومافەکانیان ... من بەپێی خوێندنەوەم بۆ ئەم ژمارە تازانەی بەرەو کۆنگرەش وا تێبینی دەکەم، کە هەمووومان بەئاکامێك گەیشتبین کە بەواقعی ئەم کۆنگرەیە ببێتە کۆنگرەی دامەزراندنی فیدراسیۆن. کۆنگرەیەك قورسایی بڕینی هەورازەکەی تێپەڕاندووە بەلام هەمیشە ترسی خلۆربوونەوە جێمان ناهێلێت. بەشێکی بەرچاوی هەڵسوڕاوانی فیدراسیۆن لەسەر ئەوە کۆکن کە ئیدی ئەو ڕێگا دوورو ئەو مێژووە خەباتکارانەیە خەباتی خۆی بە جۆرێك کۆبکاتەوە لە ڕێکخراوبوونی پان وپۆڕو پتەو کە نەهێلێت بۆ یەکجاری بێتە دواوە. ئەم جۆرە تەگبیر وبیرکردنەوەیە چارە سەرێکی گونجاوە لەڕاسیشدا زۆر گرنگە، کۆنگرە ئەمە یەکلایی بکاتەوە سەرکەوتنێکی مێژوویی و چارەنووس ساز دەبێت . یانی ئەم کۆنگرەیە.کۆنگرەی دامەزراندن بێت بەتەواوی مانای ووشەکە. هەر لەئامانج و بەرنامەوە تا پێڕەوی نێوخۆو تا مالیە و ئۆرگانەکان و بلاوکراوەو سایت و سکرتاریەت. شێوەی سازماندەیی ڕێکخراوەکە بەبۆچوونی من هێندە بایەخی نیە، هێندەی مەیدانەکان و کارو بارەکانی وئەرکەکانی. ئەو ئالوگۆڕەی کە فیدراسیۆن لە دۆخی ناجێکیری کەمپینەوە دەباتە ئاستێکی بالای ڕێکخراوەیەکی مۆدێرنی زیندووی نێو کێشمەکێشەجیهانیەکانی دونیای پەنابەری. ئەم کارەش بەبۆچوونی من دەمانکێشێتە سەر چەندین دەرگاو پەنجەرە کە لەهەریەکەیانەوە دەیان دیمەنی نوێ و ئەرکی نوێمان دەخاتە دەستوورەوە.

پرسیاری دووەم:

لەیەکەمینەکانی کارو بارەکانی سکرتاریەت وهەڵسوڕاوانی فیدراسیۆن، کە بەردەرگای پێگرتوین بەبەستنی کۆنگرەو بێبەستنی، چەند کارێکن کە دەکرێن وەها دیاریبکرێن: یەکەم: بەڕێخستنی کەمپینی هەلۆەشانەوەی ناسینی ناوچەی کوردستان وەك ناوچەی ئارامی ژیان، مافی مانەوەو نیشتەجێبوون بۆ هەموو ئەو پەنابەرانەی لەکوردستانەوە هاتوون. دامەزراندنی کۆمیتەی هاوپشتی لەگەڵ پەنابەرانی عێراقی. بۆ پەنابەرانی عێراقی کەلە سوریاو تورکیاو ئوردن وکوردستانی عێراق وپاکستان و...بەهەرحاڵ دەگوزەرێنن، لەگەڵ یوئین ودەوڵەتانی پەنابەر وەرگر کەمپینێکی جددی و کارا بەڕێبخرێ کە یان بگوزرێنەوە بەتایبەت ژنان و منالان وپەککەوتەو کەمئەندامان، یان یارمەتی مالی ونەفسی بدرێن کە مەئاساتی ئاوارەیی ودەربەدەییان لەسەر کەمبکرێتەوە.

سێیەم پرسیار:

پێشنیاری تایبەتیم نیە بۆ کۆنگرە پێدەچێت هەندێك پێویستی گۆڕانی ڕیشەیی کە لەبۆچوونی منەوە گرنگن بخەمە بەردەستان و هیوادارم لەو بارەوە ئەو دەرگاو پەنجەرانەی باسمکردن ئاوەلا بکەین.

پرسیاری چوارەم:

بەنموونەیەك دەست پێبکەین کە کۆنگرەی ئەدیبان ونووسەرانی کرێکاری بەسترا لەکوردستان لەساڵی ١٩٩٣ لەسلێمانی، پرسیارگەلی جۆراوجۆر دەکرا لەپەیوەند بەکارو چالاکیەکانی ئەدیبانەوە. وەزارەتی ڕۆشنبیری چی دەکات ودام ودەزگا بیستراو بینراو ونوسراوەکانی چی دەکات ئێمەش ئەوە بکەین.بابەتی کاری فیدراسیۆنیش هەروایە، وەزارەتی کاروباری پەنابەری چی دەکات و چ سیاساتێکی دەوڵەت پیادە دەکات ئێمەش ڕووبەڕووی دەبینەوە. وەزارەتی ئنتگرەیشن وکۆچکردوان چی دەکەن. پێویستە ئێمەش لەبەرژەوەندی خەڵکی پەنابەرەوە هەڵیانسەنگێنین. وەزارەتی مافی مرۆڤ و دژی ڕاسیسزم و دام و دەزگا بیرۆکراسیەکانو ئایزۆلاسیۆنەکان کاروباروپراتیکیان چیە، ئەحزابی ڕاسیستی و دژی پەنابەری، گروپە فاشیستەکان، بەرتەسکردنەوەی مافی هاولاتیانی جیهانی سێیەم لەفورسەتی کارو ڕشتەکاندا، هێنانی خێزان وهاوسەرگیری نێوان دوو هاونیشتمانی جیاواز، کلتوری باوی پۆست مۆدێرنیزم ومۆراڵی ناوچەیی و پیرۆزی ئیعتقاداتی دواکەتوویی ودەست نەدان لەتابۆ وحەرامەکانی تقوسەکان ....ئەمانە دەکرێن هەموو لەبەردەم دژە تەوژمی خەباتی هۆشیارانەی فیدراسیۆندا کاریگەرییان لەهەڵدان وخۆشەویست کردن و جەماوەری کردنی فیدراسیۆندا هەبێت ولەنێو ئەو وولاتانەی تیا دەژین وهەڵدەسوڕێین کاریگەریەکی پۆزەتیف وئینسانیانە دابنێین وپەنابەرانی عێراقی بەوێنەی نموونەی سەرکەتوویی ئینسانیەت لەنێو کۆمەڵگادا دیاریبکرێت.ئەمە بە دڵنیاییەوە کارێکی سادەو ساکارو بێسەرئێشە نیە. لەگەڵ بەربەستێکی گەورە لەدەوڵەتان، ئەحزابی ڕاست و گروپە فاشیستەکان، بنکە وخانەی خۆجێی وناوچەییەکان، لەگەڵ پرۆڤیسۆرو زانای سەیرو سەمەرە بەرەو ڕوودەبین. ئامانجی فیدراسیۆن ئەبێت ئەم کارانە بێت. فەلسەفەی بوونی دەبێت ئەم وەزیفانە بێت. فیدراسیۆن خەباتی گەلێك گەورەی ئەنجامداوە. بەلام بەداخەوە وەك ڕێکخراوەیەکی تێپەڕو موئەسەسەیەکی پالاوتە بۆ کاروباری تر ناسراوە. وەك دیوی دووەمی حزبێکی سیاسی ناسراوە. بۆ خۆی لەخۆیدا ئامانج بێت، بۆ خۆی لەخۆیدا سەربەخۆ بێت. نیە. کادرو هەڵسوڕاوەکانی بەردەوام ئەو کەسانە بوون کە بەجۆرێك گۆڕەپان بوون نەك یاریکەر. بەبۆچوونی من ئەبێت ڕەخنە لەو سوونەتانە بگرین، لەو کارانە بگرین. ئەگەر ڕەخنەکەم ووردتر لەیەك ڕستەی تردا کورت بکەمەوە، بۆ خۆمان ئامانجێکی ڕێکخراوەیی نەبووین لە ستراتیژییەکی مەزنی ئینسانی وسیاسیدا هێندەی کەنارێك بووین بۆ گرتنەوەی تەرمەکانی پەنابەران.

پرسیاری پێنجەم:

ئێستا ئیتر ڕۆشنە پێویستە چ ئالوگۆڕێك لە جۆرو مەیدانەکانی خەباتمان پێك بێت، لەشێوازی ڕێکخراوبوونمان، لە تاکتیك وتەنانەت لە کەسایەتیمان، لەمسەر تائەوسەری. فیدراسیۆن ئەگەر ئەم کۆنگرەیە بکاتە کۆنگرەی دامەزراندنی خۆی، وادەخوازێت دونیای پێش دوو دەیە کە سەرەتای پێکهاتنی بوو جێبهێڵێ وبەچاوێکی نوێوە بڕوانێتە جیهانی پەنابەران و کۆچکردووانی عێراقی . هۆکاری دەربەدەری ملیۆنی خەڵك، ئەحزابی سیاسی دەسەلاتدار، دونیای ئەوروپاو ئەمەریکاو ئوستراليا وکەنەدا، کۆمسیۆنی مافی پەنابەری، هەموویان لەماوەی ئەم دوو دەیەدا گۆڕاون وپەیماننامەو موعاهەداتی تازە سەبارەت بە پەنابەران، سەبارەت بەهێزی کار، خێزان، کوتلەی جۆراوجۆری تر پەیدابوون ....ئەمانە هەموویان گۆڕدراون و یاساو قانوونی نوی وچەمك ومەفاهیمی تازەیان پەیدابوون، ئێمە ڕێگایەکی ترمان لەبەردەم نەماوە، هەلومەرجی ئۆبجێکتیفی دەرەوە گۆڕدراوە. بەبۆچوونی من لەبارەی سازماندەیی یەوە فیدراسیۆن پێویستە کاراترین شێوازو پێشکەوتووترین کۆمنیوکاسیۆن وشەفافیترین پەیوەندی لەنێوان ئۆرگانەکانی خۆی پێك بهێنێ. قەتیس مانەوەی لەئەوروپا کوشندەیە.پێویستە بەزوویی پەیوەندی خۆی بەتەواوی جیهانەوە گرێ بدات ،تۆڕێکی جیهانی چالاك بێت وجیهان لەدژی دەستدرێژی نێوخۆیی بەگەڕ بخات. دووەم هەر لەبارەی سازماندەییەوە کۆمسیۆنەکانی پێك بهێنێت.پێنج کۆمسیۆن گرنگن کۆمسیۆنی پەنابەری، کۆمسیۆنی مافی مرۆڤ، کۆمسیۆنی فەرهەنگ وزانیاری و ڕۆشەنبیری، کۆمسیۆنی دژی ڕاسیزم. کۆمسیۆنی تەشکیلات. ئەم کۆمسیۆنانە هەریەکەی سەرۆکێکی هەبێت وسەرۆکی ئەم کۆمسیۆنانە سکرتاریەت یانی هەئیەی تەنفیزی فیداسیۆن پێکدەهێ،نن. سکرتاریەت کە لەکۆمیتەی ناوەندی ئەحزاب دەچێت دەکرێت ژمارەیەکی گەورە بگرێتەوە کە ساڵی ٣ جار کۆببنەوە، وە لیژنەی ڕاپەڕاندن دەتوانن مانگانە یان دوو مانگ گۆببنەوە. دەکرێت کۆمسیۆنی پەنابەری ودژی ڕاسیزم بکرێن بەیەك. دامەزراندنی بنکە وئۆفیسی لە وولاتانی وەك سوریا، ئوردن، پاکستان، ئازەربایێنجان، تورکیا، کوردستانی عێراق، بەغدا، ئوستراليا، کەنەدا، ئەمەریکا، یابان، چین، مالیزیا، ئیسرائیل، لیبیا، تونس و مەغریب، تەواوی ئەو وولاتانەی کە بەناچاری یان بۆ کاروباری تر بەرێژەیەك پەنابەرانی عێراقی تیا گیرساونەتەوە دەستەکانتان بەگەرمی دەگووشم وهیوای کۆنگرەیەکی پڕکارو بڕیار بەئاوات دەخوازم و دوای کۆنگرەش ڕێکخراوەیەکی ڕاوەستاو لە بەرامبەر دونیای دژی پەنابەران، دژی ڕاسیزم و فاشیزم، دژی کلتووری جیاوازی نێوان ئینسانەکان، دژی ئارەزووی تینوی ئینسان بۆ قووتاربوون لە ئەڵقەی تەسکی بیری خاوەکان وداسەپاوەکان. سوپاستان دەکەم پڕبەدڵ وگیانم کە جگە لەخۆشەویستی جێگای هیچی تری تیا نابێتەوە.

# لەبارەی کۆنگرەی فیدراسیۆن، زەرورەت و ئاسۆی کاری داهاتوومان

دەشتی جەمال

## بەشی دووەم:

هەنگاوە عەمەلیەکان لەباری رێکخراوەیەوەی وئەرکەکانی داهاتووە:

بزووتنەوەی پەنابەری وکیشەی پەنابەران پێناوەتە قۆناغێکی نۆی یەوە ، فیدراسیۆن وەك بەشێکە لەم رووداوانەی ئێستای جیهان دەتوانێ دەورێکی جدی بگیریت لەفریاکەوتنی هەزاران ئینسان کە بەهۆی جەنگونائەمنی وهەرەشەی دەستەو تاقمی ئیسلامی وقەومی روویان هیناوەتە دەرەوە ،دیاردەی کۆچ و ئاوەرەی ئەمرۆ بە تەواوی زاهیرەیەکی سیاسی جیهانیە سەردەمی هیجرەی کریکاران نیە بۆ کار رووبکەنە وولاتانی تر ، وە هەروەها موقعیتی بزووتنەوەی پەنابەری ئەوە لەئێمە داوا دەکات رێکخراوەیەکی جەماوەری توندو تۆڵ محکەم لەنیو کۆروکۆمەڵی پەنابەری دامەزرێنیین ،فیدراسیۆن ناتوانێ بەتەنها رێکخراوەیەکی موتالەباتی بێت کە تەنها کۆمەڵێك خواستی هەبێ وە یان چالاکی‌یەکانی خۆی لەچوارچیوەی رێکخراوەیەکی حقوقیدا قەتیس بکاتەوە ویا رێکخراوەیەك بێت تەنها تەبلیغ وخۆپیشاندانو کەمپینی دژی دیپۆرت بەرێ بخات بەڵکو رێکخراوەیەکی سیاسی جەماوەری غەیر دەولەتییە کەلەروانگەی چەپو ئینسان دۆستی و ئازادیخوازیەوە دەجولی و وەلام بەکیشەکانی پەنابەران دەداتەوە. ومیکانیزمی کارەکانی لەسەر ئەساسی قازانج و خواستی هاوبەشی‌پەنابەران دادەمەزرینێ. لەباری ریکخراوەیشەوە، فیدراسیۆن لەسەربنەمای شەبەکەی هەڵسووراوان وتۆری ئەندامان و ودەفتەری نۆینەرایەتی وولاتەکان کاروباری خۆی رادەپەرینی. بەرادەی ئەوەی کەبتوانێ لەبەردەست خەڵکادا بێت بۆ وەڵام دانەوە بەکیشەو گیروگرفتەکانیان تیبکۆشیت، موزوعی کاری فیدراسیۆن ئینسان وبەرگری کردنە لە مافەکانی ئینسان ،ئینسانێ کە محرومن لەهەقی نیشتەجێ بوون، سەفەر هاتووچۆ وکارکردن ودەستراگەیشتن بە مافی خۆیندن ئەمە جگە لەوەی سیاسەتی دژی پەنابەری و نەژادپەرستی و دیپۆرت و باڵی راستی ئەم وولاتانە یەخەیان پێدەگرێ ..،رێکخراوەیەك کە بتوانێ رابەرایەتی بزووتنەوەی پەنابەران بکات ، رێکخراوەیەك کە رابەران وهەڵسوراوانی ئاشکرا و ناسراو وبەرپرسی هەر وولاتو شارێکی بەتەلەفون وئیمیلو نوسینگەکانی وکۆبوونەوەویان معلوبێت، رێکخراوەیەك کە بتوانێ بەهەزاران هەزارن پەنابەر لەژیر چەتری خۆیدا کۆبکاتەوە ،نەخشە و ئەولەویاتەکانی هەر دەورەیەکی رۆشن بێت ،مافی ئەندامەتی و ئەندام نوسراوئەرشیف بکرێت ، تەزمینکردنی پەیوەندی بە سکرتاریتی فیدراسیۆن وبەرێوەبردنو وەلامدانەوە بەکارە سەرتاسەریەکانی فیدراسیۆن سیستماتیك بچنە پێشەوە. دانانی کۆنفرانسی سالأنەی فەرعەکانی فیدراسیۆن بەشێوەی وەرکشۆپی جۆراجۆر، رێکخراوەیەك کەبەرئەنجامی ئالۆگۆرەکانی لە ئەوزاعی سیاسی عیراق خۆیندنەوەیەکی ترێ و ریگا چارەی خۆی هەبێت بۆ کارکردن لەسەر لەبەین بردنی زەمینەو هۆکارەکانی ئاوەرەبوون.

ئەم فیدراسیۆنە دەبێ هەم لەکوردستان وهەم لەعیراق فەرعی هەبێ و لەم ریگایەشەوە جیگای خۆی لەبارودۆخەسیاسیەکانی عیراق وکوردستاندا بباتەپیشەوە و فشاربینین بۆلایەنەکانی دەسەلات. هەروەها فیدراسیۆن لەپال کاری کەمپێنیدا دەبێ ریکخراویکی هوشیارکەرەوە بێت وبۆئەمەش دەبی دەیان پرۆژەی هوشیارکردنەوە و ریگاکانی ئاشناکردنی پەنابەران بەبیروباوەری چەپ وئازادیخوازی بگریتەبەر وئیتر ریگانەدا پەنابەرانە ببنە زەخیرەی دەستی ناسیونالیزم و ئیسلامی سیاسی وراستی کۆمەڵگا بەکار ببرێن ئەمە گۆشەیەکە کە کەمترین کاری لەسەرکراوە .

میکانیزمەکانی دەستراگەیشتن بە پەنابەران، فیدراسیۆن پێویستە سایتێکی بەقوەتی بێ کە لەهەموو بواریکدا رینۆینی پێویستو قانوونی وئاگاگەری بخاتە بەر پێ پەنابەران،بلاوکراوەیەکی مانگانەی پر نوسراو کەچالاکی جۆراجۆری و فەرهەنگیو ئەدەبی ورۆشنبیری تیا بەرجەستە بکرێت بەتیراژێکی زۆر لەبەر دەست پەنابەران بێت تا دەست بردن بۆ رادیوو تەلەفیزیون کە مینبەری پەنابەران نۆینەرایەتی بکاتکە لەسەرەوە باسکرا..

لەباری ئیمکاناتی مالی بەو پێ یەی کە فیدراسیۆن رێکخراوەیەکی

غەیرەدەولەتیە بەو مانایە نا ئیتر ناتوانێ فاندرەیزین بکات بەڵکو فیدراسیۆن و نوسینگەگانی دەتوانن دەست بەرن بۆ هەر ریگایەك کە دەتوانن ئیمکانیتی پێ بهێنن بەلام سەرچاوەی داهات کە لەمافی ئەندامەتی و پرۆژەو داهاتی تر لە پەیرەوی ناخۆدا هاتووە ئەو ریژەی دیاری کراوە بدرێت بەسکرتاریت لەجیگای خۆی باقی یە، کە دیارە هەموو ئەو ئەرکەگرنگانەی لەسەرەوە باسکرا ناتوانێ ئیتر رێکخراوی فیدراسیۆن بەم شێوەی ئیستا کاروباری خۆی بەریتە پیشەوە بۆیە ئیمەدەبی بەپێی نەخشەیەکی رۆشن فیدرایۆن بگۆرین بۆ ریکخراوەیەکی ئیمکانساز لەپال چالاکیەکانی‌تریدا.

بەوپێیەی لە ئیستادا بریاری نامەی جیهانی جنیف ١٩٥١ بەجۆرێك کۆتای هاتووە وە زۆربەی ئەو دەولەتانەی ئیمزایان لێداوە کاری پێناکەن وە یان دەستیان لەم لائیحەیە شۆریوەتەوە ،فیدراسیۆن پێویستە لائیحەی مافەکانی پەنابەرانی ببێ و پێناسەی بۆ پەنابەران ببێ ،ئەو دەورەیەی ئەم بریار نامەیەی جنیف نوسرا کۆتای هاتنی جەنگ وپێداویستیەکانی وولاتان بەهیزی کاری هەرزان و لەبەرامبەر بلۆکی جیهانی براوە پێویستیان بە ئەبزارێکی تر بوو ،کەوایە ئەم بریارنامانە مۆری بلوك بەندی وکیشەمەکیشێ جیهانی بەر ئەنجامی زەروورەت و رەوەندی میژووی ئەو کاتە بوو.

هەربۆیە فیدراسیۆن لائیحەیەکی دەوێت بە پەرچەمێکی ئازادی و ئینسانی کە بەرگری سەرسەختە بێت لەبەها ئینسانیەکانو مافە جیهانداگرە ئینسانیەکان کە لەو بریارنامەدا هاتووە کە دەخریتە بەردەم کۆنگرەی فیدراسیۆن وچەند ساڵ بەر لەئیستا لە کۆنفرانسی ٩ هەمبەستەگی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی ئیرانی ولەگەڵ فیدراسیۆنی عیراقی بە دەنگ گەیەنرا و بەهەندێ دەسکاری کورتەوە خراوەتە بەردەم کۆنگرە ئەوە پێویستە بەرابەران و هەلسۆراوانی فیدراسیۆن بیخەنە مەیدانەوە وەك پەرچەمێکی ئینسانی بەدەستەوەی بگرن.

ئەرکەکانی ئەم دەورەیەی فیدراسیۆن:

پێویستە فیدراسیۆن هەولێکی جدی بەرێبخات بۆ بەدەنگەوە چوونی دەیان پەنابەر کە هەر ئێستا هەرەشەی گیرانەوەیان لەسەر لەلایەن دەولەتە ئەورپیەکانەوە وسیاسەتی دیپۆرتکردنەوەی پەنابەرانی کوردی عیراقی بۆ کوردستان بەتوندی رەتبکاتەوە و ئیدانە بکات بۆ بەقبولکیشانیان هەوڵی جدی بدات هاوشان بتوانێ خەڵکی ئازادی خواز و موتەمەدنی ئەورووپا بەتەواوی تواناوە بخاتە پشت خۆی لەپێناو پوچەڵکردنەوەی ئەم سیاسەتەدژی ئینسانیە.. بەدەستبردن بۆ دەیان ریگای نارەزایەتی دەربرین لەخۆپیشاندان وزنجیرەی ئاکسیۆنی ومانگرتن و هەراسازکردن لەسەریان وفاکس بارانکردنیان بە هێنانی نامەی پشتیوانی ،بەکاربردنی ریگای یاسای.. شکایەت تۆمارکردن لەسەر ئەم دەولەتانەی پێچەوانەی بریاریك کەخۆیان ئیمزایان لێداوە بەرپرس یان بکەین ،رووکردنە ئەندام پەرلەمان ویەکیتی کریکاریەکان وئیستیفادەکردن لەنامەی شەخسی بۆ ئەندام پەرلەمان سەرۆك وەزیران هەتا ئامادەکردنی چەند کەیسێك کە ئەو ئیدعاو وتەبریری‌رانەی دەکرێت لەسەر ئامن بوونی کوردستان بەدرۆ بخاتەوەو بەبەلگەوە بیسەلمینێ.

بەرپرس کردنی راستەوخۆی یوئین(UN) بەرامبەر بەسیاسەتی دیپۆرتی پەنابەرانی کوردستان و مامەلەی نامرۆڤانەی دەولەتانی ئەورووپایی کە ئێستا لە ئەوزاعی سیاسی عیراق دەوریان پێدراوەتەوە، ریسواکردنی پەیوەندی هەرهاوکاریەکی حکومەتی عیراقی



و حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبەردەم رای گشتی چ لەدەرەوە چ لەناوەوەی کوردستان بەنووسینی مقلات وسازدانی کۆرو سیمینارات تا خۆپیشاندان سازکردن لەدەرەوەو ناوەوەی عیراق وراکیشانی پشتیوانی ئازادی خوازانو رێکخراوە پیشەیەی ومەدەنیەکان ...

سەبارەت بەرێگا چارەی دەستەبەجێ لیشاوی هاتنەو دەرەوەی خەڵکی عیراق وئاوەرییان بەر لە هەرشتێك بە کۆتای هینان بەداگیرکاری وجەنگێ کە ئەمریکاو هاوپەیمانانی لەبەرابەر خەڵکی عیراق بەرێیان خستووە وە هەروەها هەڵوەشاندنەوەی دامەزراو حکومەت و دەستورێك کە لەژیر سایەی داگیرکاری بەسەر خەڵکی عیراقدا داسەپینراوە ئارام دەبێتەوە. تا داگیرکاری بەردەوام بێت شەپۆلی هاتنە دەرەوە لەزیادبووندا دەبێ، بۆیە پێویستە فیدراسیۆن بەوپەری توانا ریگا چارە و پشتیوانی خۆی بکات لە هاتنە سەرکاری دەولەت و حکومەتیکی سکولاری غەیرە قەومی و غیرە دینی لەسەر بناغەی سەلماندنی مافی هاولاتیانی یەکسان و سەرجەم خواستە سیاسی و مەدەنیەکان دامەزرابیت کەلانی کەمی ژیان و گوزەرانی دانیشتوان دابین بکات. حالەتیکی ئاوا بناغەی گیرانەوەی هەلومەرجی کۆمەڵگایەکی ئاسایی‌یە کەلانی کەمی ژیان و ئەمنەیەت و مەدەنیەت بەپی‌ی یاسا دەگیریتەوە بۆ دانیشتوان وبەم جۆرەش ئیستقرایی سیاسی و کۆمەلایەتی لەنیو هەموو بەشەکانی کۆمەلگادا دابین دەکاو خەلکی ناچار نابیت بە هەڵبژاردنی ناچاری ژیانی ئاوارەیی و پەنابەریتی بەوشیوەیەیی ئێستا لەگۆریدایە.بۆیە پێویستە فیدراسیۆن ئەرکێکی گرنگی خۆی ئەم دەورەیە بەخەرج بدات داوابکات نەتەوەیەکگرتووەکان بەرپرسیاریتی ژیانی خەڵکی



ئاوارەی عیراق لەولاتانی وەك ئەردەن و ئیران و سعودیەو کویەت و تورکیا، بگریتە ئەستۆ و لە داهاتی نەوت مەسرەفی لانی کەمی ژیانیان لەئەستۆ بگری لەپێناو باشکردنی ژیانی ئاوارەعیراقیەکان و بەهرەمەندبوونیان لەئیمکانات و ماف و ئەمنیەتیان لەهەرولاتیکدا هەن. بۆئەمەش دەبی. هاوکات هەولبدات کەئەم دەولەتانە وەك هاولاتیان چاویان لیبکەن و مافەکانیان بۆبەرەسمی بناسیندرێت.لەم بارەیەوە کۆنفرانس بگریت رێکخراوە پەنابەری و ئینسان دۆستو حزبو لایەنە سیاسی و نۆینەرانی وولاتە ئەوروپیەکان بۆ دەعوەت بکات تا فریای ئاوەرە عیراقیەکان بکەوێت.،هەولبدات بنکەو ئۆفیسەکانی لە وولاتانی دراوسیٚ عیراق بکاتەوە ،نۆینەرانی فیدراسیۆن لەوولاتانی دراوسیٚ عیراق بەتاییەتی سوریاو ئەردەنو تورکیا سازبداتەوە.

پشتیوانی فیدراسیۆن لە کۆنگرەی ئازادی عیراق و ریگاچارەیەك کە کۆنگرەی ئازادی عیراق خستویەتیە بەرپەی کۆمەلگای عیراق لە کۆتایی هینانی خیراو بیقەیدوشەرتی ئیحتلال و دەسەلاتی میلیشیای چەکداری ئیسلامی وبەعسی و شەری تایەفەگەریان و جێگرتنەوەی دەسەلاتی ئیستا بە حکومەت و دەسەلاتیکی جەماوەری، سکولاری نەقەومی ونەدینی، کە مافی هاولاتیانی یەکسان بۆهەموان بەرەسمی بناسینی و تەواوی مافە مەدەنی وفەردەیەکان لەدەستوردا جیگیربکات، تەنها ریگا چارەو بەدیلیکی واقعی‌یە کەنەك هەر دەتوانی مەدەنیەت و ئارامی بۆ کۆمەلگای عیراق بگیریتەوە، بەلکو ئەتوانی بارودۆخەکانی ئێستای عیراق بەقازانجی خەلك بگۆری و ریگاش بکاتەوە بۆ چارەسەرکردنی دیاردەی ئاوارەیی و پەنابەریتی کەئێستا رووبەرووی خەلکی عیراق بۆتەوە.

فیدراسیۆن بەتەواوی توانیایەوە هاوشان لەگەل کۆنگرەی ئازادیدا بۆ چارەسەرکردنی ژیانی ئاوارە عیراقی یەکان وپیشکەشکردنی خزمەتگوزاری و فریاکەوتنایان چ لە ناخۆی عیراق و چ لە دەرەوەی‌یدا. بەپێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکان بە ئاوەرە عیراقیەکان لەناوخۆو لەدەولەتانی دراوسیٚ عیراق تا راکیشانی پشتیوانی لەخەباتی ئێستای کۆنگرەی ئازادی عیراق درێژە پێدەدات.

کوشتنی ژنان لە ئەوروپا وەیان گیرانەوەیان بۆ کوردستان وکوشتنیان یەتاییەتی لەم سالانەی دواییدا بۆتە دیاردەیەکی بەرچاو لەژیر ناوی ناموسی بەتایەتی لەنیو جالیەی کوردی و تاوان باران بە هەرجۆرێك پەنا دەبەنەوەنیو کوردستان ، درێژەکێشانی ئەم دیاردەیە لە ئەوروپادا نیشانەی ئەوەیە هێشتا تاوانبارانی کوشتنی ژنان پەناگایەکی ئامنیان لە کوردستان هەیە و هێشتا دەست ئاوەلاکردنی ئەم درندەیی‌یە بە هەقی ژنان لە کوردستان لە ژێر دەسەلاتی هەردوو حزبی ناسیونالیست یە کێتی و پارتی فرسەتی بۆ ئەمانە ئاوەلا کردووە کە بە بیٚسزا و لیٚپرسینەوە لەم تاوانانە دەربازبن.

سیاسەت و قانونێك لە لە کوردستان بە دژی ژنان بە رێوە دەچێت پەناگەیەکی بۆ پیاوسالاران و بکوژانی ژنان دروست کردووە کە زۆر بە ئاسانی‌پیلان بۆ جیٚ بە جیٚ کردنی تاوانەکانیان دادەنێن لە ئەوروپا و دەچنەوە بۆ کوردستان کە لەویٚ لە ژێر سایەی قانوونێکی دژی ژنانەکانی ئەحزابی ناسیوناایستدا خۆیان بیٚ خەم حەشار دەدەن.

لە لایەکی تریشەوە بە هۆی سیاسەتی راسیستی و فرە کەلتووری وولاتانی ئەوروپا کە لەبەر پاکانە کردن بۆ کەلتووری دینی ئیسلامی و کەمە نەتەوایەتیەکان و خالّی کردنەوەی شانی خۆیان لە بەر پرسیاری لە بەرامبەر پاراستنی مافی ئازادی و سەلامەتی تاك تاکی ئەم کۆمەلّگایانە وای کردووە کە خزمەتگوزاری و یارمەتی یەکان کە بۆ ژنان هەیە بۆ پاراستنیان لە دەست توند و تیژی بە شێوەیەکی یەکسان فەراهەم نەبێت بۆ هەر ژنێك کە پێویستیەتی بە یەکسانی و بە جیا لە هەر جیاوازیەکی کەلتووری و دینی و نەتەوەیی . بە پێچەوانەوە بە هۆی سیاسەتی فرە کەلتووری مافەکانی ژنان و مندالان بە تەواوی کراوەتە قوربانی مافی دینی و کەلتووری و لە ئەنجامدا هەزاران ژن و مندالّ فەرامۆش کراون تا بە تەنیا و لە نێو کۆمەلّگا و کەلتوری خۆیاندا چارەسەری بیٚمافیەکانیان بدۆزنەوە . ڕاگرتنی ئەم کۆمەلّگایانە لە بیٚمافی و نەبونی خزمەتگوزاریەکان و چاودێری نەکردنی مافی ژنان و لاوان و منالاّن تیایدا وای کردوە کە ئەم کەش و بارودۆخە دواکەوتوانە بپارێزیٚ و زەمینەی درێژەکێشانی داب و نەریتی دواکەوتوانە و پیاوسالاری و کوشتنی ژنان ئاسان تر بکات .

فیدراسیۆن بەتەواوی تواناوە لە دژی توندو تیژی دژی ژنانو وکوشتنی ناموسی رادەوستێت و پشتیوانی تەواوی خۆی بۆ رێکخراوەکانی ژنان کە دژ بەم دیارەدەیە هاتوونەتە مەیدان رادەگەیەنێت ، هەروەها پێویستە بۆ گۆڕینی ئەم هەلومەرجەی ژنانی تێدا دەژین و سەرجەم ژنان و خەلّکی ئازادیخواز و یەکسانی خواز بانگەواز بکات بۆ کۆبوونەوە لەژیر چەترێك دژ بەم دیاردەیە کە لەپێناو کۆتایی هێنان بەم کارەسات و بیٚمافی بەرامبەر بە ژنان ، پێویستە فیدراسیۆن پەناگایەك بێت بۆ دیفاعی سەرسەخت لە هەموو ژنێك کە ماف و ژیانی لەژێر هەڕەشە و فشاردایە.نەك هەر ئەمانە فیدراسیۆن پشتیوانی خۆی بکات لە هەر کەمپێنێکی کە دژ بەدیاردەی کوشتنی ژنان لەکوردستان بەرێوەدەچیٚ . هیوادارم کۆنگرە بتوانیٚ رێکخراوەیەکی توندو تۆل وئامادە بە رابەرایەتیەکی چالاکو بەم پەرچەم ئینسانیانە ئامادەبکات بۆ خەرمانێك لەکار وئایندەیەکی پرکار کە کۆمەلّگا چاوی تیٚ بریوە.

## درێژەی لاپەڕەی ٢ .. دیمانەیەك لەگەل ڕێبوار عارف دامەزرێنەری فیدراسیۆنی پەنابەرانی عێراقی .

ئیتر بەوە خۆمان قانع بکەین کە تائیستە چیمانکردوە درێژەی هەمان حەرەکەتبین بەلکو پیموایە کە فیدراسیون پیویستی بە تەکان و گورانیکی گەورە لە رووی سیاسی و کۆمەلایەتی و ریکخراوەیەوە . ئەمە یانی ئەوەی کە رووی سیاسیەوە ئەو وینەی سەرەوە دەبیت لەبەرچاومان ڕۆشن بیت وبزانین چ نەتیجەگیریەکی لیٚ دەکەین. هەروەها لەرووی کۆمەلایەتیەوە نفوزو جیگەو ڕێگەی فیدراسیون دەبیت گورانێکی گەوەری بەسەرداب بیت وهەزاران پەنابەری کوردو عیراق خۆی بە وئەندام و هەلسوراوی وئەم ریکخراوە بزانیت، لە رووی ریکخراوەیەوە ئەو گۆرانکاریانەی کە لەپەیرەوی ناوخۆو ئامانجەکانی ئەم ڕێکخراوەومیکانیزمی کارکردن وشێوەکاریدا پیك دیت دەبیت ئاسانکاریەکی زۆر گەورە بکات بۆ وەلامدانەوە بەنیازی ئەم ڕێکخراوە لەم قوناغەی هەلسورانیدا . ئەوەش بلیم ئیمە دەبینین کە ئەمرۆ پەنابەران لە هەموو گۆشەو کەناریکی جیهاندا ناڕازی ونیگەرانن لەبەرامبەر بە دۆخیك کە بەرۆکی پیگرتوون. لەمبارەشەوە دەبیستین ودەبینین کە زۆرجار بە شێوەیەکی خۆرسکی پەنابەران بە جۆریك لە جۆرەکان نارەزایەتی خۆیان لەبەرامبەر بەفلانە سیاسەت وبڕیاری لایەنی پەیوەندار دەردەبڕن . بەلام ئەگەر دەنگهەلبڕینە بۆ خالکی بەهێزو پۆزیتیفە ئەوا لایەنە نەگتیفەکەی ئەوەیە کە کارێکی بیٚ نەخشە ، کاتی ، بیٚ سازمان ، بیٚ ڕابەرو سەرئەنجام سنوردارو کەم کاریگەر دەبیت . بۆیە بە مانایەك یەکێك لە ئەولەویاتە گرنگەکانی ئەم قۆناغەی فیدراسیون ڕێکخستن و ڕێکخراوکردن وهێنانەمەیدانی پەنابەرانە بۆ داکۆکیکردن لە ماف وداخوازیەکانی خۆیان لە ئاستێکی سەرتاسەریدا . بەجۆریك کە لەڕێگەی دەخالەت وهاتنەمەیدانی خۆیانەوە هاوکیشەکان لەبەرژەوەندی خۆیاندا بگۆڕن . ئەگەر جیگەو ریگەی فیدراسیون لەبەریتانیادا وەك نمونەیەك لەمبارەوە لەبەرچاو بگرین کە چ ڕۆلێکی هەیە لە پەیوەند بە ژیان وچارەنووسی پەنابەرانی کوردزمانەوە، ئەوا گرنگی سەرتاسەری کردنەوەی کارەکانی ئەم ڕێکخراوەو هێنانە مەیدانی پەنابەران لە ئاستی هەموو ولاتانی ئەوروپا استرلیا... کەدیارە لەمبارەوە لە سویدو فنلاند سەرەتاکانی خالی سەرەتاسەری کردنەوەی ئەم کارانە بەدیدەکریت وجیگەی خۆشحالیە، بەلام ئەمە سەرباری سەرەتابوونی کارەکانی پیویست دەکات لە واستیکی بالاترو زۆر بەرچاوتردا وئەم جولانەوەیە پەرەی پیبدریت کە سەرەکەوتنی کارەکانی ئیمە بەشیکی لەوەدایە کە چەند توانیومانە حزب ولایەنەکان ریکخراوە ویئنسان دۆست وکریکاریەکان و کەسایەتیە ناسراوەکانی وئەم کۆمەلگایانە بهینینە پشت سەر جولانەوەکەمان . بەدەستهینانی پشتیوانی وئەو لایەنانە نەك تەنیا بۆ مەسەلەی پەنابەری بەلکو دەبیت فیدراسیون دەوریکی کاریگەری هەبیت لەپەیوەند بە رووداوکانی ناوخۆی عیراق و کوردستان . ناکریت لە کاتیکدا کە کوردستان دەکریتە قەسابخانەی ژنان و زیندانیکی گەورە بۆ وئ‌وازادیخوازان وهەلسوراوانی نارازی و رۆژنامەوان و نووسەران وئی‌ومە هەر لەبیری بەدەستهینانی مافی پەنابەریدا بین . چونکە هۆکاری ئارەبوونی ئەو خەلکە ئەو جەهەنمو دۆخە سیاسی و بیٚ مافییە کەئەمرۆ لە کوردستان عیراق دا بەرپاکراوە. کەواتە دەبیت وئەوەمان لەبەرچاو بیت یەکیك لە گۆرانکاریەکانی وئایندەی فیدراسیون بەبروای من لەوەوە سەرچاوە دەگریت کە وئیمە لەمبارەوە چی دەکەین و چ قورسایەکمان دەبیت لە پەیوەند بە گۆرینی هاکیشەکاندا . هەروەها لە پەیوەند بەو بەشەی پرسیارەکەتان کە ئاخۆ گرنگترین باس و بریارنامەکانی کۆنگرە چیبیت . بەر لەهەر شتیك ئەوە بلیم کە کۆنگرە تەنیا نقتە عەتفیکە کە سەرەتایە لە گۆران وەرچەرخانی کارو ئەولەیات وبەرنامەی ئەم ریکخراوە دیاری دەکات مەسەلەی سەرەکی ئەوەیە کە ئایا فیدراسیون پاش کۆنگرە پیٚ دەنیتە چ قوناغیك وسیاسە تیك چی دەکات بۆ عەمەلی کردنەوەی بریارانامەکانی کە گرنگترینیان خۆیان لە بریارنامەی مافەکانی پەنابەری ، بریارنامەی پەیرەوی ناوخۆ ، بریارنامەی .... ئایا فیدراسیون بۆ ئەنجامدانی ئەم کارەکانە پشتی بە چ سەرچاوەیەکی مالی بەستووە ئەو بریانامەی کە لەمبارەوە هەیە بە کۆیٚ دەگەینیت ، ئایا فیدراسیون بۆ ئەوەی کە بیتە دەنگی سەدان هەزار پەنابەری کورد زمان و عیراق لەکام میکانیزمی تەبلیغاتی بەهرمەندەو چەندە دەتوانیت ئەو بریانامە پەیوەندارەی عەمەلی بکاتەوە. ئایا فیدراسیون لەپاش بەدەنگ گەیاندنی بریارنامە دژ بە رەشەکوژی ژنان چ دەورەکاریگەریەکی دەبیت . بەهەرحال وئەوەی کە زۆر جیگەی خۆشحالیە لەم کۆنگرەدا هەاوریيان و هەلسوڕاوانی فیدراسیون زۆر سەرحال و بەباوەرن بۆ پیکیهنانی وئالوگوریکی گەروەو تەنانەت کەم نین لەم حزب ور یکخارو پەرلەمانتاریستانەی وئەوەرپاش کە چاوی وئومیدیان بریوەتە ئەم کۆنگەرەی فیدرایسون بۆ ئەوەی کە بتوانیت کاریگەریەکی گەورەی لە ئالوگورپیکهینان لە ژیانی ئەم ئینسانانەدا بگیریت . کە بەبروای من حیکمەت و فەلسەفەی بوونی فیدرسیونیش هەر ئەوەیە کە ئایا لەم جیهانە تالّ و تاریکەی ئەمرۆدا چ گۆرنیك لە ژیانی ئەو ملیونەها ئینسانەی کە ئاوارەبوون و تەنانەت ئەو چەند ملیونەی کەبەردەم هەڕەشەی ئاوارەبووندا پێك دینیت. کۆنگرەی فیدراسیون لەمبارەوە عەزمی خۆی جەزم کردوەو کارنامەی رابردوشمان بەلگەنامەیەکی رۆشنە بۆئەوەی کە هەر کەس و لایەنیك لەوبارەوە قەزاوەتمان لەسەر بکات .